دۆزەخیەکان هەیانە ئاگر هەتا گوێزنگەکانی، وهەیانە ئاگر هەتا ئەژنۆکانی، وهەیانە ئاگر هەتا کەمەری، وهەیانە ئاگر هەتا ئێسکی ملی دێت

لە سەمورەی کوڕی جوندوبەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «دۆزەخیەکان هەیانە ئاگر گوێزنگەکانی*، وهەیانە ئاگر هەتا ئەژنۆکانی، وهەیانە ئاگر هەتا کەمەری، وهەیانە ئاگر هەتا ئێسکی ملی دێت». *(قولەپێکانی - قاپەڕەقەکانی)

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

ئەم فەرموودەیە هەڕەشەیە بۆ ترسان لە ڕۆژی قیامەت ولە سزای دۆزەخ، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوونی کردووەتەوە کەسی وایە لە ڕۆژی قیامەتدا کە ئاگری دۆزەخ دەگاتە گوێزنگەکانی وکەسی وا هەیە ئاگری دۆزەخ دەگاتە ئەژنۆکانی وکەسی وا هەیە ئاگری دۆزەخ دەکاتە کەمەری (لای سکی) وکەسی وا هەیە سزای دۆزەخ دەگاتە ئێسکەکانی ملی، خەڵکی پلەیان جیاوازە لە سزدا بە پێی کردەوەکانیان لە دونیادا، خوای گەورە بمان پارێزیت وسەلامەت ودوورمان بکەیت لە سزای دۆزەخ.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5445